# هەڕەشە ناوخۆیی و هەرێمی و دەرەکییەکانی سەر هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٤

**د. زوبێر ڕەسووڵ**، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمییەکان

**دەسپێک**

هەرێمی کوردستان لە ژینگەیەکی سیاسی و ئابووری و جیۆپۆلیتیکیی سەختدا حوکمڕانی و سیاسەت دەکات؛ ژینگەیەک کە بە کۆمەڵێک ئەکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتیی دژبەر دەورە دراوە، بە جۆرێک کە لە زۆربەی دۆخەکاندا بەرژەوەندیی یەکێکیان بە مانای مەترسی لەسەر بەرژەوەندیی ئەوی تریان وێنا دەکرێت. لە هەموویشی هەستیارتر ئەوەیە کە پرسی کورد لە گشت ئەو بەشانەدا (تورکیا، ئێران، سووریا) تا ئێستایش وەک مەترسی سەیر دەکرێت. بێجگە لەمە، هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و لەگەڵ عێراقیشدا هەمیشە لە بەردەم کۆمەڵێک کێشە و هەڕەشەدایە. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم هەڕەشەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٤ لە سێ ئاستدا (ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی) شی بکەمەوە.

- **گرنگترین هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا**

**یەکەم/ هەڕەشەی بەردەوامیی ململانێکانی پارتی و یەکێتی**

پارتی و یەکێتی هەرچەندە ناتوانن بەبێ یەکتری حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام ململانێکانیان بە ئەگەری زۆرەوە لە ساڵی ئاییندەیشدا بەردەوام دەبن، چونکە پێکهاتەی جەماوەریی حزبیی هەردوو لا، بەتایبەتیش جەماوەر و بەشێک لە نوخبەی سیاسیی یەکێتی، هەمیشە گوشاری ئەوەیان لەسەرە کە لە ململانێدا بن لەگەڵ پارتی. هەرچەندە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو لادا دروست بووە، بەتایبەت لە ترسی گوشارەکانی بەغدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا چەند پرسێکی تری وەک هەڵبژاردنە گشتییەکان و دابەشکردنی کورسیی کۆتاکان و چۆنێتیی دابەشکردنی دەسەڵات لە دوای هەڵبژاردنەکان، هەروەها فۆڕمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، ئەمانە هەمووی هەڵگری فاکتەری ناکۆکین لە نێوان پارتی و یەکێتیدا.

بێجگە لەوە، تۆخکردنەوەی دووئیدارەیی لە ساڵی ئاییندەیشدا وەک گەورەترین مەترسی دەمێنێتەوە لەسەر بچووککردنەوەی قەبارە و پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان؛ چونکە ئەمە هەمیشە دەرفەت بۆ عێراق و وڵاتانی هەرێمی دەڕەخسێنێت تا وەبەرهێنانی سیاسیی زۆرتر بکەن لە دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو هێزەدا. مەترسیی فاکتەری ناوخۆ لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەک ڤایرۆسی ناوخۆ، بەرپرسە لە ورووژاندنی کۆمەڵێک کێشەی تر؛ بۆ نموونە وەک: لاوازکردنی دامەزراوە سیاسی و یاسایی و ئابوورییەکان، یان دابەشبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بەسەر دوو حزب، کە گەورەترین لەمپەر و هەڕەشەن لە بەردەم ئاییندەی بنیاتنانی حوکمڕانییەکی تەندروست  لە هەرێمی کوردستان.

**دووەم/ لاوازیی دامەزراوەیی، کۆنترۆڵی حزب و کەسایەتییە سیاسییەکان بەسەر هێزە چەکدارەکان**

یەکێک لەو کێشە بەردەوامانەی کە بەرۆکی ئەزموونی پرۆسەی حوکمڕانیی گرتووە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت هێز نەگواستراوەتەوە بۆ دامەزراوەکان (حکوومەت)، یاخود وردتر بڵێم هێز بەدامەزراوەیی نەکراوە. واتا ڕاستە ئێمە خاوەن دامەزراوەی سیاسی، ئابووری، ئەمنی و..ین، بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستایش هێزی لە دەرەوەی دامەزراوەکان تەحەکوم بە دامەزراوەکان دەکات یاخود کۆنترۆڵیان دەکات، وەک هێزی حزب و کەسایەتییە سیاسییەکان. ئەم فاکتەرە زیانێکی زۆری لە ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان داوە. هەر بۆ نموونە ئەگەر هێزە چەکدارەکانی ئێمە دامەزراوەی نیشتمانی بان، ئەوا "شەڕی ناوخۆ" ڕووی نەدەدا، یان ئەو دۆخەی "شازدەی ئۆکتۆبەر"، یان هی "زینی وەرتێ" و چەندان کەیسی تر.

حزبە سیاسییەکان وەک کاریگەرترین و بەهێزترین دامەزراوە لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی لە هەموو پێکهاتە دامەزراوەییەکانی تر لە هەرێمی کوردستان، زیاتر بەدەست ئەم قەیرانەوە دەناڵێنێت. بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکانی ئێمە لە هەناوی یەکتر هاتوونەتە دەر و لە دژی یەکتر دروست بوونە. ئەمە کێشەیە بۆ خودی حزبە سیاسییەکان لە ناوخۆدا، هەروەها لە ئاستی حکوومەت و پەیوەندییەکانی دەرەوەیشدا هەر لە قاڵبێکی حزبیدا ڕەفتار دەکەن. لە ڕاستیدا بەشێک لە وڵاتانی دراوسێیش، بەتایبەت تورکیا و ئێران، هەر خوازیاری ئەوەن دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە قاڵبێکی تەسکی حزبیدا بمێننەوە و بەنیشتمانی نەکرێن.

**سێیەم/ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی گشتی و کاریگەریی فاکتەری هەڵاوسانی ڕێژەی گەنجان**

لە ساڵی نوێدا چەند هۆکارێک هەن کە دەشێت ببنە سەرهەڵدانەوەی ناڕەزاییەکان لە ئاستی شەقامدا؛ یەکێکیان پەیوەندیی بە دۆخی دارایی و بوودجەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە دیار نییە ئایا حکوومەتی ئیدارەی دەوڵەت ئامادەیە بوودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت، بەتایبەت کە دەبێت پرۆژەیاسای بوودجە هەموار بکرێتەوە و دەنگی پێویست بهێنێت. بەپێچەوانەوە ئەگەری ئەوە هەیە ناڕەزاییەکان لەلایەن چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستانەوە فراوان بن, بەتایبەت لەسەر پرسی دواکەوتنی مووچە.

**فاکتەری دووەم**، کە دەکرێت سەرچاوەیەک بێت بۆ ناڕەزایی و توندوتیژیی سیاسی، پرسی هەڵاوسان یان کەڵەکەبوونی ڕێژەی گەنجانی بێکارە لە هەرێمی کوردستان، کە لە ئەدەبیاتی زانستە سیاسییەکان پێی دەڵێن Youth bulge. ساڵانە نزیکەی 50 ـ 60 هەزار گەنج لە هەرێمی کوردستان زانکۆ و پەیمانگەکان تەواو دەکەن (ئەمە بێجگە لە ڕێژەی ئەو گەنجانەی کە لە دەرەوەی زانکۆ و پەیمانگەکانن) و دێنە بازاڕی کارەوە، کەچی نە کەرتی گشتی وەریان دەگرێت نە لە کەرتی تایبەتیش جێگەیان دەبێتەوە کە بەپێی هەندێک داتا تەنیا ٢٠٪ کاریان دەست دەکەوێت. ئەم لەشکرە گەنجە بێکارە کە نزیکەی ٨٠٪یان بەکارهێنەری سۆشیال میدیان، بەئاسانی دەتوانرێت دژی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بورووژێنرێن، یانیش بۆ لای کۆچکردن یان ئاڵوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان- کە ئێستا مەترسییەکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستاندا، بە جۆرێک کە هەرێمی کوردستان خەریکە دەبێتە ڕێڕەو و ناوەندێک بۆ ساغکردنەوە و فرۆشتنی ئەو ماددانە- ئاراستە بکرێن. ئەمە جگە لەوەی کە بە هۆکاری ئەو کێشە داراییانەی کە دێنە بەردەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە دواجار ببنە هۆکارێک بۆ کەمبوونەوەی

خزمەتگوزارییەکان لە شار و شارۆچکەکان. ئەمەیش دەبێتە هۆی گوشاری زیاتر لەسەر حکوومەتی هەرێم لەلایەن هاووڵاتیانەوە؛ دەرفەتێکیش بۆ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەڕەخسێنێت کە خەڵک ڕووبەڕووی دامەزراوەکانی حکوومەت بکەنەوە، چونکە بەغدا دەیەوێت هەرێم هەموو داهاتە نانەوتییەکان بداتەوە بەغدا و، تەنیا ئەو بڕە مووچەیە دابین بکات کە بەشی مووچەی فەرمانبەران دەکات، بۆ ئەوەی هەرێم هاوشێوەی پارێزگاکانی تری عێراق نەتوانێت بپرژێتە سەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و، وەبەرهێنان لە ژێرخانی هەرێمی کوردستان بکات.

## چوارەم/ دواخستنی هەڵبژاردنە گشتییەکان

یەکێک لە پرسە هەرە هەستیارەکان بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتییە کە دەبوو لە ڕۆژی 1ی تشرینی دووەمی 2022دا بەڕێوە بچێت، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی پارتی و یەکێتی لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێم، ئەم هەڵبژاردنە لە وادەی خۆیدا نەکرا. ئەمە وای کرد کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ جاری دووەم مەرسووم دەربکات و وادەیەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن دیاری بکات. لە پرسی دواکەوتنی هەڵبژاردندا، یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی لە نێوان پارتی و یەکێتی، کورسیی "کۆتا"ی پێکهاتەکان بوو. ئەم ناکۆکییە تاوەکوو ئێستایش بەردەوامە و، ڕەنگە دواجار سەر بکێشێت بۆ ئەوەی بۆ جاری سێیەم هەڵبژاردن لە کوردستان دوا بکەوێت. چونکە دادگەی فیدراڵی لە ٢٧/١٢/٢٠٢٣ بڕیاری دا بە دواخستنی سکاڵای یەکێتی لەبارەی سکاڵایەک لە دژی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پرسی کورسیی کۆتاکان، بەڵام دانیشتنەکە دوا خرا بۆ ٢١ی کانوونی دووەم. بۆیە وەک پێشبینی دەکرا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەفەرمی وەڵامی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی دایەوە، کە ئەوان ناتوانن لە ٢٥ی شوبات هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە دەبێت بوودجەی تایبەت لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق تەرخان بکرێت تا بتوانرێت ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت؛ واتا عێراق دەتوانێت بەکەیفی خۆی بەربەست و تەگەرە بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دروست بکات. ئەمەیش ئێستا بۆتە کارتێکی تر بەدەست حکوومەتی بەغداوە کە بتوانێت پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئاڕاستە بکات یاخود لە شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بدات.

- **سیناریۆکانی داهاتووی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لە ساڵی ٢٠٢٤**

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت؛ ئەمەیش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی چەسپاندنی هەژموونی شیعە بەسەر دەسەڵات و جومگەکانی حوکمڕانی لە عێراق کە بەتەواوی پرۆژەیەکی ئێرانییە. بەتایبەت لە ٢٠١٧ بەولاوە نوخبەی حوکمڕانی شیعە باوەڕێکیان بۆ دروست بووە کە سوننە و کورد ناتوانن ببنە بەربەست لە بەردەم دەسەڵاتی شیعەکان ـ هەڵبەتە مەبەستم لە لایەنە نزیکەکانی ئێرانە کە ئێستا لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەک کۆ بوونەتەوە ـ لە عێراقدا. شیعەکان سەرکەوتوو بوونە لە دابەشکردنی کورد و سوننە بەسەر هاوپەیمانێتیی خۆیان؛ بۆ نموونە هەر یەکە لە پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی عێراق بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون؛ بە هەمان شێوە سوننەکانیشیان دابەش کردووە بۆ چەند بەرەیەک.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین ئێستا شیعە نزیکەکانی ئێران باکیان زۆر بە نارەزایەتیی کورد و سوننە نییە،

چونکە بەئاسانی دەتوانن دابەشیان بکەن و بەشێکیان بکەنە هاوپەیمانی خۆیان کە بۆ ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی خۆیان فرە گرنگە. بۆیە بە ئەگەری زۆر، پەیوەندیی هەرێم و بەغدا لە ساڵی داهاتوودا پەیوەندییەکی ناسەقامگیر دەبێت، تا ئاستی کشانەوەی کورد (یان بەشێک لە کورد) لە حکوومەتی ئیدارەی دەوڵەت. دەکرێت چەند سیناریۆیەک دەستنیشان بکەین بۆ پەیوەندیی هەرێم و بەغدا لە ساڵی نوێدا:

**١/ سیناریۆی ڕێککەوتنێکی کاتی:** دەکرێت هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانیی حوکمڕانی شیعەکان، بگاتە ڕێککەوتنێک کە یاسای بوودجە هەموار بکرێتەوە و، هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٤ کێشەی مووچەی نەبێت، چونکە چەند ساڵێک دەبێت کێشەی سەرەکیی هەرێمی کوردستان بووەتە پرسی مووچە. ئەمە وای کردووە سەقفی داواکارییەکانی هەرێم زۆر نزم بێتەوە و تەنیا لە مووچە کۆ بێتەوە. پێشبینی دەکەم گەر بەغدا ئەم کێشەی هەرێم چارەسەر بکات، هەرێمی کوردستان لە ساڵی نوێدا واز لە زۆربەی داواکارییەکانی تری بهێنێت لەگەڵ بەغدا. ئەگەری ئەم سیناریۆیە زیاتریش دەبێت گەر سەدرییەکان گوشاری شەقام بخەنە سەر حکوومەتی ئێستا؛ ئەمە جگە لەوەی حکوومەتەکەی سوودانییش بۆ ئەوەی لە کێشە بەدوور بێت، دەیەوێت ئەو داواکارییەی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات.

**٢/ کشانەوەی هەرێمی کوردستان لە حکوومەتەکەی سوودانی:** ئەگەر بەغدا بەردەوام بێت لە چارەسەرنەکردنی پرسی بوودجە، هەروەها ئامادەیش نەبێت ئەو ٧٠٠ ملیارەی دەیدا بە قەرز، بداتە هەرێمی کوردستان، ئەوا ئەگەری زۆرە کورد (یان پارتی) لە حکوومەتەکەی سوودانی بکشێتەوە. بەڵام دیسان ئەو کشانەوەیەیش مەرج نییە کێشەکان چارەسەر بکات. ئەم کشانەوەیە کاتێک بەهێز دەبێت ئەگەر لایەنەکانی تری کوردیش، واتا یەکێتی و ئیسلامییەکان، لە بەغدا بکشێنەوە. لەم دۆخەدا گوشاری زۆرتر دەکەوێتە سەر حکوومەتەکەی سوودانی. دەکرێت کورد لەگەڵ حەلبووسی و سەدرییەکان بگەڕێنەوە سەر هاوپەیمانێتییەکەی پێشووی خۆیان. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا هەرێمی کوردستان لەو دۆخەدا چۆن دەتوانێت مووچەی کارمەندەکانی بدات؟ ئایا فرۆشتنی نەوت بە تانکەر لەگەڵ داهاتەکانی تری ناوخۆ، دەتوانێت مووچەی مانگانە بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات؟

**٣/ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی ئیدارەی دەوڵەت بە هۆکاری ناڕەزایی شەقام:** هەڵبەتە ڕوون نییە کە ئایا حکوومەتەکەی سوودانی دەتوانێت بەردەوام بێت لە حوکمڕانی، چونکە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بەتایبەت لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور کە بەفعلی ٢٨٪ زیاتر نەبوو. ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی خەڵکی عەرەب ـبە سوننە و شیعەـ لە حکوومەتەکەی چوارچێوەی هەماهەنگی تووڕەن. بەپێی دوایین ڕاپرسی متمانە بە حکوومەتەکەی سوودانی تەنیا (٣٣٪)ە و، بە پەرلەمانیش ٢٣٪. ئەگەر سەدر بیەوێت، دەتوانێت بەئاسانی سوود لەو خەڵکە تووڕەیە وەربگرێت بۆ ڕووخاندن یان پەککخستنی حکوومەتەکەی سوودانی. ئەمە ئەگەرێکی کراوەیە؛ بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی ناوخۆیی و هەرێمی و، دەکرێت لە هەر کاتێکدا ڕوو بدات.

**هەڵبەتە، سیناریۆیەکی تری** پڕهەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە، کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی سوودانی هەر بەردەوام بن و کێشە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای بوودجە دروست بێت. ئەمەیش دواجار دەبێتە هۆی فراوانبوونی بازنەکانی ناڕەزایی خەڵک و سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری، کە دوور نییە لەلایەن بەغدا و ئێرانەوە بقۆزرێتەوە بۆ گوشاری زیاتر یان تێکدانی سەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش گوشارخستنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان.

**دادگەی فیدراڵی** یەکێکی ترە لەو هەڕەشانەی کە بە ئەگەری زۆر، بەردەوام دەبێت وەک دەزگەیەک لە ململانێی سیاسی دژی نەیارانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان و وەک پارێزەرێک بۆ پاراستنی پڕۆژەی حوکمڕانیی شیعەکان لە عێراق. بەپێی زانیارییەکان ئەبو مەهدی موهەندیس لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا، وەک پارێزەی پرۆژەی شیعی، ناوی "فایەق زێدان"ی دەهێنا. لە ماوەی کێشمەکێشی پێکهێنانی حکوومەتیش لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠٢١، فایەق زێدان لە پەیوەندیی بەردەوام و نزیکدا بوو لەگەڵ بەرپرسانی هێزی قودسی سوپای پاسداران و فەرماندەکانی هەردوو گرووپی "عصائب اهل الحق" و "کتائب حزب الله". بۆیە ئەگەر پێداچوونەوە بە یاسا و دەسەڵاتەکانی ئەم دادگەیە نەکرێت، ئەوا عێراق لە چەند ساڵیکی کەمدا بەتەواوی دەبێتە حوکمڕانییەکی سەنتەرگەرای لایەنە شیعەکانی دەست ئێران. خودی شیعەکانیش هەستیان بەو مەترسییە کردووە، چونکە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (سوودانی) پرۆژەیاسایەکی بۆ پێداچوونەوە بە یاسای دادگەی فیدراڵی ئامادە کردووە و، ئەگەر ڕێگە بدرێت بەنیازن لە ساڵی نوێدا بیخەنە بواری جێبەجێکردن.

- **هەڕەشەکان لە ئاستی ناوچەییدا (تحديات اقليمية)**

هەرێمی کوردستان بێجگە لە هەڕەشە ناوخۆییەکان، بێ گومان کاریگەرە بە هەڕەشە هەرێمییەکانیش، کە دەکرێت بەسەر چەند تەورێکی سەرەکیدا دابەش بکەین:

**یەکەم/ بوونی هەرێمی کوردستان بە مەیدانی ململانێی ئێران دژی ئەمریکا و ئیسرائیل**

یەکێک لە هەڕەشە هەرێمییەکان ئەوەیە کە ئێران هەرێمی کوردستان وەک ململانێ دژی ئەمریکا و ئیسرائیل ببینێ. هەرچەندە ئەم هەوڵانەی ئێران دەمێکە دەستی پێ کردووە؛ تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ جار هێرشی درۆنی کراوەتە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان. بەتایبەت دوای کوژرانی سەرکردە باڵا سەربازییەکانی ئێران لە سووریا، دیارترینیان فەریق ڕەزا مووسەوی، کە کۆتایی مانگی دیسەمبەر (٢٠٢٣) لە هێرشێکی ئیسرائیلدا لە نزیک دیمەشق کوژرا، هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە سوپای پاسداران پێنج سیناریۆی بۆ ئەگەری ئۆپەراسیۆنی تۆڵەسەندنەوە بۆ ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی پێشنیار کردووە کە یەکێکیان بەئامانجکردنی چەند سەرکردەیەکە لە هەرێمی کوردستان کە بەحسابی خۆیان ئیسرائیلین! هەڵبەتە ئێران باش دەزانێت کە سەرکردە ئیسرائیلییەکان لە هەرێمی کوردستان نین، بەڵام هەرێمی کوردستان بە ئەڵقەیەکی لاواز دەبینێت کە ئەستەمە هیچ کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتیی دژی ئێران لێ بکەوێتەوە؛ بۆ ناوخۆ و پرۆکسییەکانیشی ئێران وا نیشانی دەدات کە ئەوان تۆڵە لە ئیسرائیل و ئەمریکا دەکەنەوە.

**دووەم/ بەردەوامیی هێرشەکانی تورکیا و زیادبوونی بنکە سەربازییەکانیان لە هەرێمی کوردستان**

بە ئەگەری زۆر، تورکیا لە هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، بەتایبەت ئەو جەنگەی ئێستای غەززە بە دەرفەت دەبینێت بۆ فراوانکردنی هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان. جەبار یاوەر، ئەمینداری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە، بە ڕوێتەرزی ڕاگەیاندووە، لە ساڵی 2019دا تورکیا 29 بنکەی سەربازیی لەنێو خاکی هەرێمدا هەبووە، بەڵام ئێستا 87 بنکەی هەیە. تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا، تورکیا زیاتر لە 50 بنکە و بارەگای دیکەی سەربازیی لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا دامەزراندووە. تا دێت زیاتر هەست بەوە دەکرێت کە مانەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان

درێژخایەنە. بنکە و بارەگا سەربازییەکانی تورکیا بە قووڵایی 30 کیلۆمەتر و بە درێژایی 150 کیلۆمەتر لە ناوچە سنوورییەکاندا درێژ بوونەتەوە. زیادبوونی هەژموونی تورکیا لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا سەرنجێکی کەمی لەسەرە، بەڵام مەترسییەکی زۆری لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە دروست کردووە؛ لە ئەگەری هەر ناکۆکییەک لەگەڵ حکوومەتی هەرێم، وەک کارتێکی گوشار بەکاری دەهێنێت.

ئەردۆغان لە ٢٨ دێسەمبەردا لە گوتارێکدا وتی "لە چەند ساڵی ڕابردوودا، سەدان کیلۆمەتر ڕێگەوبانمان بۆ بنکە سەربازییە هەمیشەییەکانمان لە باکووری عێراق دروست کردووە. تەنانەت لەو شوێنانەی تازە کۆنترۆڵمان کردوون، هەمان چالاکی ئەنجام دەدەین." باسی لەوەیش کرد کە ژێرخانی بەهێز بۆ بنکە سەربازییەکانیان دروست دەکەن و گوتی: "لە بەهاری ساڵی نوێدا، ژێرخانی بنکە سەربازییەکانمان تەواو دەکەین و چیدی ڕێگە بە تیرۆریستان نادەین شوێنپێیان لەم ناوچەیەدا بمێنێتەوە". ئەم هەوڵانەی تورکیا و بوونی پەکەکە وەک پاساوێک، هەڕەشەی بەردەوامن لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ژینگەییەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

### هەڕەشەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا

هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا بەرهەمی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانە، بۆیە گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکانیش کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت. یەکێک لە سەرەکیترین هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان ئەگەری ناچارکردنی ئەمریکایە بەوەی لە عێراق بکشێتەوە. وەک دەزانین دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لە ساڵی ٢٠٢٠، شیعەکان، کە زۆرینە بوون لە پەرلەمان، بڕیاریان دا بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. لەو ساتەوە بەبەردەوام گوشار لەسەر ئەمریکییەکان هەیە کە عێراق بەجێ بهێڵن. ئەمە نەک تەنیا لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگی، بەڵکوو سەدرییەکانیش هەمان داواکارییان لە حکوومەتی ئێستای سوودانی هەیە. سوودانی لە کاتی سەردانی سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا لە ٢٦ دێسەمبەر وتی کە، ئەوان کار لەسەر کۆتاییهێنان بە مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی دژی داعش دەکەن؛ دەیانەوێت دووبارە پێداچوونەوە بەو پرۆسەیە بکەن؛ ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە هێرش دەکرێتە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و عێراق. بۆیە دوور نییە دواجار عێراق داوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا بکات.

ئەمەیش لە ڕاستیدا کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بەتایبەت وەک دەزانین ئەمریکییەکان هەمیشە هاوکاری دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی هەرێمی کوردستانن. هێزەکانی هاوپەیمانان بێجگە لە هاوکاریی لۆجستی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، مانگانە ٢٠ ملیۆن دۆلار دەدەنە دوو لیوای هێزەکانی پێشمەرگە. لە ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەم هاوکارییە داراییە زەحمەتە بمێنێت؛ ئەمە بێجگە لەوەی بوونی ئەمریکییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان پاڵپشتییەکی مەعنەویی بەهێز بوو بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەرامبەر تورکیا و ئێران و هەتا عێراقیش. چونکە ئەگەر ئەمریکییەکان عێراق جێ بهێڵن، ئەوکات ناچار دەبن هەرێمی کوردستانیش جێ بهێڵن؛ مەگەر گوشارێک لە عێراق بکەن بە مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان. خۆ ئەگەر هەندێک حساباتی ئەمنی و دارایی نەبێت، بەتایبەت پرسی فرۆشتنی نەوتی عێراق لە ڕێگەی چاودێریی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا، ئەوا دەمێک بوو عێراق هێزەکانی ئەمریکای ناچار بە کشانەوە کردبوو.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کاریگەریی زۆری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؛ نەک هەر

ئەوە، بەڵكوو جێگرتنەوەی چین و ڕووسیاش لە بڕی ئەمریکا، لە بەرژەوەندیی هەرێم نییە. چینیەکان هەرگیز تێکەڵ بە دۆخی سیاسیی ناوخۆی عێراق نابن و هەمیشە پشتگیری لە دەوڵەت دەکەن و دژی دەسەڵاتی هەرێمەکانن لە هەموو جیهان و، کەمترین گرنگی بە مافە نەتەوەیی و مرۆییەکان دەدەن.

فاکتەرێکی تر کە دەکرێت دیسان هەڕەشە بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان **بریتییە لە دووبارە هاتنەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ سەر حوکم لە ئەمریکا**. ترامپ لە ڕاستیدا دژی پاراستنی بەها دیموکراسییەکان و هاوپەیمانییە لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ وەک ئەوەی بینیمان لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەو لە هەڵوێستی بەرامبەر هێزەکانی سووریای دیموکرات و، هەروەها هەرێمی کوردستانیش لە کاتی ڕیفراندۆم. کشانەوەی ئەمریکا و جێهێشتنی هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژاوای کوردستان، کاریگەریی زۆر دەبێت لەسەر ناوبانگ و پێگەی ئەمریکا وەک هاوپەیمانێک لە ناوچەکەدا؛ بەتەواوی دەچێتە خزمەت دەوڵەتەکانی ناوچەکە، بەتایبەت وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران و عێراقیش کە بەبێ ترس لە ئەمریکا، ئامانجەکانیان لەو ناوچەیە جێبەجێ بکەن.

- **دەرفەتەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی نوێ (٢٠٢٤)**

سەرەڕای سەختیی دۆخی هەرێمی کوردستان لە ساڵی نوێدا، بەڵام هەمیشە دەبێت ئومێدی ئەوە لەلایەن نوخبەی سیاسیی حوکمڕان هەبێت کە لە ناو کێشە و مەترسییەکاندا بە دوای دەرفەت بگەڕێن؛ بەتایبەت ئێمە لە ژینگەیەکی جیۆپۆلیتیکین کە زۆر جار زۆرترین پرسە پێشبینیکراوەکان ڕوو نادەن، بەڵام ئێمە لە ژینگەیەکی جیۆپۆلێتیکدا دەژین، کە زۆر جار زۆرترین ڕووداوە پێشبینیکراوەکان ڕوو نادەن، بەڵام کەمترین ڕووداوی پێشبینیکراو یان هەر پێشبینینەکراو ڕوو دەدات؛ وەک ڕوودانی دۆخێکی لەناکاو کە سەرلەبەری هاوکێشە و بەرژەوەندەییە سیاسییەکان دەگۆڕێت، وەک بەهاری عەرەبی و هاتنی داعش کە هەرگیز پرسی پێشبینیکراو نەبوون، بە جۆرێک کە ئەو کاریگەرییەیان بەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەبێت. بەڵام بێجگە لەوە چەند دەرفەتێک هەیە لە بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١) **ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لەسەر فۆڕمی حوکمڕانی.** ساڵی ٢٠٢٤ ساڵێکی سەخت دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە زۆر گرنگە پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنێکی تەواویان لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان هەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەختە، چونکە هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چ لە سنووری ئیدارەی یەکێتی بێت یان سنووری ئیدارەی پارتی، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان. نەک ئەوە بەڵکوو هەر ڕێککەوتنێکی ئەو دوو هێزە لەگەڵ هەر لایەنێکی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە دژی یەکتر، هەڕەشەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. بۆیە لەم قۆناغەدا گرنگە ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی "ڕێککەوتنی ستراتیژی" لە نێوان ئەو دوو هێزە هەبێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت. بەتایبەت کە نابێت هەردوو لا کۆمەکی نەیارەکانی یەکتر بکەن.

٢) **لەگەڵ سوننەکان، بەتایبەتیش لە مووسڵ**، دۆخی سوننەکان لە ئێستادا لە زۆر ڕووەوە لە دۆخی کورد نزیکە. بۆ ئەوەی کورد ئەو دۆخە چەقبەستووەی کە هەیە تێ پەڕێنێت، ئێستا کاتێکی لەبارە کە لەگەڵ هێزێکی گەورەی سوننەکان جۆرێک لە هاوپەیمانی بنیات بنێت. بۆ سوننەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن ئەو لاسەنگییەی حوکمڕانی ڕاست بکەنەوە، جگە لە کورد شەریکێکی باشتریان نییە هاوپەیمانیی لەگەڵدا بکەن.

کورد و سوننە ئێستا خاوەن بەرژەوەندیی ستراتیژیی هاوبەشن؛ ئەگەر سوودی لێ وەرنەگرن، ئەوا لە چەند ساڵی دادێت پێگەی هەردوو لایان بەرەو پووکانەوە دەچێت. بەتایبەت دەبێت سەرنجمان لەسەر مووسڵ بێت. هەرێمی کوردستان دەتوانێت کاریگەریی زۆر لەسەر مووسڵ دابنێت کە لە هەموو ڕوویەکەوە پشت بە هەرێمی کوردستان دەبەستێ. بەشێکی زۆریشیان لە هەرێمی کوردستان نزیکن؛ ئەمە بێجگە لەوەی کە پێکهاتەی دانیشتووانەکەی، عەرەب و کورد و کریستیان و ئێزیدی و تورکمانن کە تێکەڵەیەکن لە مۆزاییکی هەرێمی کوردستان.

**٣) لەگەڵ تورکمانەکان لە کەرکووک.** تورکمانەکانی کەرکووک زۆرینەیان هەمان کێشەی کوردیان هەیە بەدەست عەرەبەکانەوە. کورد دەتوانێت تورکمانەکان، بەتایبەت تورکمانی سوننە، لە خۆی نزیک بکاتەوە؛ ئەگینا گەر تورکمانەکان بچنە پاڵ عەرەبەکان، ئەوا کورد قەت ناتوانێت لە پارێزگای کەرکووک زۆرینە بێت. بە جۆرێک گەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێش بکرێت، لە بەرژەوەندیی کورد نابێت؛ ئەمە جگە لەوەی تورکمانەکانی کەرکووک تێکەڵیی خێزانییان هەیە لەگەڵ کورد و، دۆخی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستانیش دەبینن کە دۆخیان زۆر باشترە لەوانەی لە کەرکووک دەژین. بێجگە لەوەی پێ دەچێت تورکیاش هاوکار بێت بۆ کارکردنی تورکمانە سوننەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان (بەتایبەتیش پارتی).

**٤) هەوڵدان بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ سوودانی.** محەمەد شیاع سوودانی وەک بەشێک لە سەرۆکوەزیرانەکانی تر (بۆ نموونە، مالیکی و عەبادی) دەیەوێت لەم چوار ساڵەدا پێگەی سیاسی و ئابووریی خۆی قایم بکات وەک ئامادەکارییەک بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە (٢٠٢٥)؛ ئەمەیش لە ڕێگەی لیستێک یان قەوارەیەکی سیاسی. هەڵبەتە سوودانی لە ٢٠٢١ قەوارەی "فوراتەین"ی دروست کردووە، دیارە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش سەرەتا ویستی بەشدار بێت بەڵام دواتر پەشیمان بووەوە؛ بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئاییندەدا بەشدار دەبێت. کورد دەکرێت لە ئێستادا جۆرێک لە گفتوگۆ و هەماهەنگیی لەگەڵدا هەبێت. بەو پێیەی سوودانی کەسایەتییەکی میانڕەوە، پێ دەچێت زەحمەتیش نەبێت بۆ کارکردن، بەتایبەت کە لە ماوەی ئەم ساڵەی حوکمڕانیدا ئەگەر گوشاری لایەنە زۆرینەکانی شیعەی ناو حکوومەت نەبێت، هەوڵی داوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە فۆرمێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. هەرێمی کوردستان دەکرێت چاوێکی لەسەر سوودانی بێت بۆ دروستکردنی جۆرێک لە هەماهەنگی و متمانە بۆ پێکەوەکارکردن لە ئێستا و ئاییندەدا.